## سلێمانی: منداڵپارێزی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ کارمەندانی شارەزا لە بواری پزیشکی کاردەکات بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری گرنگ و ئاڵۆز بۆ ئەو منداڵانەی کێشەی خواری بڕبڕەی پشتیان هەیە

**منداڵپارێزی کوردستان بە بێ بەرامبەر سەخترین و ئاڵۆزترین نەشتەرگەرییەکان دابیندەکات، لە پێناو تەندروستی و لەشساغی منداڵان و بەرەوپێشبردنی ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستییە ناوخۆییەکان.**

**ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان – بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی**


٢٢ کانونی یەکەم ٢٠٢٤

سلێمانی – منداڵپارێزی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی و نەخۆشخانەی شار، بە شانازییەوە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی گرنگی د. کاردۆ ڕەئوف پزیشکی نەشتەرگەری بڕبڕەی پشت و د. ئاودێر و تیمەکەی بۆ ئەنجامدانی سەخترین و ئاڵۆزترین نەشتەرگەرییەکان بە بێ بەرامبەر بۆ ئەو منداڵانەی کێشەی خواری بڕبڕەی پشتیان هەیە.

ئەم هەوڵە هاوبەشە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ هیوا بەخشین بە منداڵان و دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییانەی لە توانای خێزانەکاندا نییە لە پێناو ڕەخساندنی ژینگەیەک و تەندروستییەکی باشتر و شایستە تر بۆ منداڵانی لێقەوماو لە هەرێمی کوردستان.

لە ساڵی ٢٠٢١ ەوە منداڵپارێزی کوردستان هاوشانی د. کاردۆ پسپۆڕی نەشتەرگەری ئێسک و بڕبڕەی پشت و تیمی پسپۆڕی نەشتەرگەری مێشک و دەمار لە نەخۆشخانەی شار کاردەکات. جێی ئاماژەیە لەم چەند سەردانەیدا ئەم دکتۆرە بەڕێزە نەشتەرگەری و ڕاهێنانی بۆ ستافی پزیشکی ناوخۆ ئەنجامداوە. دکتۆر ئاودێر عەبدولرەزاق خەزنەدار پزیشکی پسپۆڕی مێشک و دەمار هاوکارێکی گرنگ بووە بۆ د. کاردۆ لە کاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکان بۆ هەبوونی دەرەنجامێکی باش. بە یەکەوە توانیویانە سەرکەوتووبن لە ئەنجامدانی ئەم نەشتەرگەرییانە و هەروەها هاوبەشیکردنی ئەزموون و زانیارییەکانیان لەگەڵ شارەزایانی بواری تەندروستی لە ناوخۆدا.



د. کاردۆ ڕەئوف هەموو ساڵێک زیاتر لە سێ جار سەردانی سلێمانی دەکات و لە هەر سەردانێکیدا پشکنین بۆ ٢٠ تا ٢٥ منداڵ ئەنجام دەدات و بە هاوکاری د. ئاودێر و تیمەکەی لەهەر سەردانێکدا دوو بۆ سێ نەشتەرگەری بە سەرکەوووی ئەنجام دەدەن بە بێ هیچ تێچوویەک. ئەم نەشتەرگەرییە سەختانە بە شێوەیەکی گشتی لە نەخۆشخانە تایبەتەکان زیاتر لە ٢٠ هەزار دۆلاری تێدەچێت بەڵام خۆشبەختانە لە ڕێگەی ئەو هاوکارییەی منداڵپارێزی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی و نەخۆشخانەی شار دابینی دەکات ئەم نەشتەرگەرییانە بە بێ بەرامبەر ئەنجامدەدرێن بۆ خێزانەکان.


منداڵپارێزی کوردستان بەشدارە لە فراوانکردنی مەودای بەردەستبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانە بۆ هەمووان، ڕێکخراوەکە ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە ڕێکخستنی سەردانەکانی د.کاردۆ و دڵنیا بوونەوە لەوەی پزیشکان و پسپۆڕانی ناوخۆ بە بەردەوامی ڕێنمایی دەکرێن و ڕاهێنانیان بۆ ئەنجامدەدرێت، ئەمەش لە پێناو بەرەوپێشبردنی ئاستی سیستەمی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی هەرێم و پەرەدان بە توانای شارەزایان و پسپۆڕان بۆ بەردەوام بوون لە دابینکردنی چاودێری و خزمەتگوزاری پزیشکی بۆ منداڵان بە باشترین و بەرزترین کوالێتی لە ئێستا و داهاتوودا.

لە دوایین سەردانیدا بۆ سلێمانی د.کاردۆ توانی بەسەرکەوتووی دوو نەشتەرگەری ئەنجامبدات و پشکنینی بۆ زیاتر لە ٢٠ منداڵ کرد کە لەگەڵ خێزانەکانیان ئامادەبوون، ئەو چارەسەرانەی کە بۆ منداڵان دابیندەکرێت لە ڕێگەی منداڵپارێزی کوردستان، بۆشاییەکی گرنگی خزمەتگوزاری تەندروستی پڕدەکاتەوە لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت بۆ ئەو منداڵانەی چارەسەری حاڵەتەکانیان ئاڵۆزە.

منداڵپارێزی کوردستان وەک هەمیشە پابەندە بە ڕەخساندنی باشترین خزمەتگوزارییەکان بۆ منداڵان لە هەرێمی کوردستان و دڵنیا بوونەوە لەبەردەستبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی پێویست بۆ هەموو منداڵێک بێ گوێدانە پێشینەیان یان بارودۆخی داراییان.

لە ڕێگەی کاری هاوبەش بە بەردەوامی لەگەڵ لایەنە ناوخۆییەکان و شارەزایانی پزیشکی، ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان کاردەکات بۆ دابینکردنی چارەسەری گرنگ و داهاتوویەکی تەندروست بۆ هەموو منداڵێک بێ جیاوازی.

ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی هەریەک لە د. کاردۆ، بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، نەخۆشخانەی شار، و هەموو کارمەندانی کەرتی پزیشکی ناوخۆ دەکات کە هاوکار بوون لەم پرۆژە گرنگەدا وماندوو نەناسانە هەوڵیان داوە بۆ باشترکردنی تەندرووستی منداڵان لە هەرێمی کوردستان.




پەیوەندیمان پێوە بکە:
ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق
ژمارە تەلەفۆن : ٩٦٤٥٣٣٣٠١٠٤٠+
وێبسایت: www.ksc-kcf.org
ئیمەیـڵ: press@ksc-kcf.org

## دەربارەی ڕێکخراوی مندالپارێزی کوردستان

ڕێکخراوی مندالپارێزی کوردستان لە پێناوقازانجدا کارناکات، ڕێکخراوێکی سیاسی و حکومی و ئاینی نیە، بەبێ ڕەچاوکردنی نەژاد، ڕەگەز، پابەندییە ئاینی و سیاسیەکان یارمەتی پێشکەش بە مندالان دەکات .

لە ئێستادا لە چوارچێوەی ٤ بەرنامەی سەرەکیدا کاردەکات ئەوانیش، پاراستنی مندال، تەندروستی، پەروەردە و پەرەپێدانی تواناکانی گەنجان و هەروەها فریاگوزاری لە کاتی کارەسات.

ئامانجی سەرەکیمان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی باشترە لەڕێگەی چاککردن و دابینکردنی پێداویستی جۆراوجۆری ماددی، تەندروستی، کۆمەلایەتی، ئابوری، و پەروەردەی .

ئەم ڕێکخراوە لە سالی ١٩٩١ لەلایەن بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و خانمی یەکەمی ئێستای عێراق خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد دامەزراوە.

### بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکە:

press@ksc-kcf.org

### سۆشیال میدیا پلاتفۆرمەکان:

https://www.ksc-kcf.org/

https://www.facebook.com/kurdistansavethechildren

https://www.instagram.com/kurdistansavethechildren/

https://www.linkedin.com/in/kurdistan-save-the-children/

https://twitter.com/KSC_KCF

https://www.youtube.com/@KurdistanSavetheChildren

پەیوەندیمان پێوە بکە:
ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق
ژمارە تەلەفۆن : ٩٦٤٥٣٣٠١٠٤٠+
وێبسایت: www.ksc-kcf.org
ئیمەیل: press@ksc-kcf.org